# زریانی شاخ، ئاوی لیڵی شار

دکتۆر هاشم

ashim_doctor@yahoo.com

دکتۆر زریان هەمیشە ئەو ناوە پیرۆزە بوو کە لە ناوەندەکانی تەندروستی کوردستان شانازی پێوە دەکرا. لە خەیاڵی ئەوەی نوێ لە میسالیەتدا یۆتۆپیا بوو خەون بوو کوڕێکی گە نجی شاری دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بە زووترین کات ببێتە پێشمەرگە و ساڕێژی زامی کوڕە کون لە جەرگ نەبووەکانی ئەوێ ڕۆژێی هاوسەنگەر و هاوبیر و تروسکەکانی ڕێی ئازادی، ئەو شەڕانەی کە لەگەڵ داگیرکەر دەکرا ئەگەر دکتۆر زریان ئامادەبووایە پێشمەرگە چەند ورەی هەبوو دوو هێندە دەبوویەوە واتە بەشی شێری سەرکەوتنەکان دەبێتە پشکی دکتۆر زریان و هاوپیشەکانی لە تیمە پزیشکیەکەی شاخ ئەو خاوەنی ئەو هەموو سەروەرییە، ئاسان نیە گوزارشت لەو سەردەمە، کوڕی ئەو ڕۆژە زۆر کەم بوون، هەموو پزیشك و کارمەندانی تەندروستی ئارەزوویان بوو دوای ڕاپەرین دکتۆر زریانی پێشمەرگە و پزیشك لە نزیکەوە بناسن، کە بڕیاردرا ببێتە وەزیری تەندروستی پێیان وا بوو ئیتر خەون و یۆتۆپیا بوونە واقع شۆرش دەستی پێکردەوە ئاخر دکتۆری پێشمەرگە رابەر و سەرۆکە چۆن کەم و کورتیەکانی رابردووی پزیشك و کارمەند و فەرمانبەرانی بورای تەندروستی کۆتاییان پێدێت و سەر لە نوێ مێژووی تەندروستی دەنوسرێتەوە.

نەخۆش چیتر بازرگانی پێوە ناکرێت و دەرمانی بەسەرچوو دەرخواردی نادرێت چیتر نابێتە نێچیری بێوەی دەستی پزیشکە بازرگان و کارمەندە چاوچنۆکەکان، ئیتر ئیفاد بۆ پزیشك و کارمەند بە مەبەستی ئاگاداربوونە لە زانستی پزیشکی سەردەم لیژنەی پسپۆر ئیفادەکان دیار دەکات و دوای گەڕانەوەیان لیکۆلینەوەکانیان هەڵدەسەنگێنێ و لە مەیدانی پراکتیکیدا لە نەخۆشخانە و کلنکە تایبەتیەکان پیادە دەکرێت، نەوەك ئەوانەی کە تا ئێستا تامی شیری خاو لەبن مەلاشویاندا بۆنی دێت دیارکەر و دانەری ناوەکانی ئیفادی دکتۆر و کارمەندبن ئەویش دوای دانانی کۆمەلێك مەرج و شەریکە بەشی لەگەڵیان ئنجا ناویان بنوسرێت، ئەویش تەنها بۆ دیتنی وولاتانی بێگانە و بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و حساب کردنی پارەکان کە چەندی بۆ دەمێنێتەوە و دادۆشینی حکوومەت و لێنە پێچینەوە بێ ئاگایی حکوومەت لەو هەموو بەهەدەردانەی سەرمایەی خەڵکی کوردستان کە تاکو ئێستا چەندین ملیۆن دۆلار لەو پێناوەدا خەرج کراوە کە دەکرا هەر بەو پارەیە سەرجەم نەخۆشەکانی کوردستان لە کەس و کاری شەهید و ئەنفال و کیمیاباران کراوان چارەسەر بکرانایە و چەندین دەزگای پسپۆری تەندروستی پێ بنیاتنرابان. زریانی شاخ دانیشتوی 16 ساڵەی هەندەران گەڕایەوە بەرنامەی تازە خزمەتی تازە گۆڕانی ئیجابی پەیامی سەرەتای دەست بەکاربوونی بوو، جێی دڵخۆشی هەمووان بوو جارێ لە کڕینی دەرمان و ئامێرە پزیشکیەکان و تەندەرەکان هەر باس ناکرێت.

ڕەوتی تەندروستی نەك نەچووە پێشەوە بەڵکو زۆر بەرەو دواوە گەڕایەوە ئەوەی هەشبوو لەسەر دانرا باری نەخۆش زۆر قورس کرا، ناوەندی تەندروستی بە تەواوی شێوێنرا لە رووی پاك و خاوێنی خواردنی نەخۆش و ستافی تەندروستی، جارێ دەرمان و ئامێرە پزیشکیەکان هەر لێگەرێ کە نەخۆشخانەکان بەبێ بوونیان مانایان نامێنێ، ئەوانەی کە هەشن هی سەردەمی وەزیرەکانی پێشووە، واتە دکتۆر زریان بەس قسەی کردو راوێژکارە منداڵکارەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئە یخەنە ئاوی لیڵ و مەنگ ئێستا تا قورگی هاتووە ها کە دەستکێشیان خستە سەر سەری بە تەواوی نقومیان کرد. برای بەرێز

خۆشەویستی رابردووی ناوەندی تەندروستی، دە لە خەوی قوڵ هەستەو دەستێك بە راوێژكارە منداڵكارەكانی دەوروبەرت دابێنەوە پێیان بڵێ ئیتر بەسە عەقڵی ئێوە هێشتا پێنەگەیشتووە بڕۆن بۆ خۆتان بخوێنن بەشی دەیان ساڵتان پێكەوە ناوە كە خوێندن و سەرجەم پێداویستیەكانتان دابین دەكات، چیتان داوە لە ئیدارە و حزبایەتی كە لەوێش سەركەوتوو نەبوون و نەتان توانی تەنها ئیدارەی چوار كەرتی رێكخستنی ناو تەندروستی بدەن، تۆ بڵێی ئەو چاوساغ و راوێژكارانە بتوانن ئیدارەی وەزارەتی تەندروستی بدەن، ئەو پرسیارە دەبێت دكتۆر زریان وەڵامی بداتەوە، چونكە هەموو كەسێكی عاقڵ لە ناو تەندروستی دەرەوەی وەڵامی بە نەخێرە.